


# ماددەهۆشبەرەکان داهاتووی گەنجان رووبەڕووی گەورەترین مەترسی دەکاتەوە

ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان هەوڵێکی هەمە چەشن دراوە بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک پێشگیری لە ئالوودەبوونی هاووڵاتیان بە مادده هۆشبەرەکان بکرێ و حکومەتیش لەو بوارەدا بێ پلان نەبووە، بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە بەرنگاربوونەوەی ئەو حاڵەتانەدا جێ پەنجەی دیارە، بەڵام لە ئێستادا ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی ئالوودەبوونی گەنجان بە مادده هۆشبەرەکان لە بەرزبوونەوەدایە، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتانەش نەبنە دیاردەو داهاتووی گەنجان رووبەڕووی مەترسیی گەورە نەکاتەوە، دەبێت ڕێکارگەلێکی جددی و بەپەلە بگیرێتەبەر هەتا گەنجی خۆمان لەو پەتا ترسناکە دوور بخەینەوە کە لە وڵاتانی دراوسێوە بۆ کوردستان هەنارده دەکرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان سەبارەت بە هەمان پرس راوسەرنجی تایبەت بە خۆیان هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**هەندێ کات گەنج وەکو چاولێکەری تووشی ئەو مادده هۆشبەرانە دەبێت و میدیای بینراویش لەو بوارەدا رۆڵی خراپی بینیوە، چونکە لەفیلم و دراماکان دەیبینێت چۆن بەکار دەهێندرێ و چۆن بازرگانی پێوە دەکرێ**

**لە ئێستادا لەلایەن هەندێک لە وڵاتانەوە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کوردستان دەدرێت و بە مەبەست ماددەی هۆشبەر ئاودیوی کوردستان دەکەن، ئەمەش پێویستی بە چاوکراوەیی زیاتری هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و هاوکاری هاووڵاتییان هەیە، هەتا بەسەر ئەو پیلانەدا زاڵ بین**

**پێویستە ئالوودەبووان وەک نەخۆش سەیر بکرێن و ناوەندێکی تایبەتیان بۆ دابین بکرێت هەتا بە شێوەیەکی زانستی هەوڵی هێنانەوەی نەخۆشەکان بۆ ناو کۆمەڵگە بدات**

سەرەتا دڵشاد نامیق کە مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە مەترسیی مادده هۆشبەرەکان کێشەیەکی جیهانییەو وڵاتی ئێمەش لەو مەترسییە بەدەر نییە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئامارەکانی دەزگا ئەمنییەکان لە کۆتایی ساڵی رابردوو دەیسەلمێنێت کە ئەو دیاردەیە لە کوردستانیش رووی لە زیاد بوون کردووە. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بەپێی ئامارەکانی ئاسایش ساڵی رابردوو تەنیا لە سلێمانی زیاتر لە ٣٠٠ کەس و لە پارێزگای هەڵەبجە ٦٠ کەس بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون، ئەمەش مەترسییەکی جددییە لەسەر ئەمنی کۆمەڵایەتیمان کە هۆکاری خۆی هەیەو پێویستە لایەنە پێوەندیدارەکان بە وردی بەدوای دەستنیشانکردن و چارەسەردا بگەڕێن.» گوتیشی: «بە بڕوای من یەکێك لەو هۆکارانە پشێوی ئەمنییە لە وڵاتانی دەوروبەرمان، نموونەی سووریا و عێراق کە ڕێگەی بۆ بڵاوکردنەوەی کاری نایاسایی خۆش کردووە. هەروەها هۆکاری کۆمەڵایەتیشی هەیە کە خۆی لەم کێشانەدا دەبینێتەوە، وەك: زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، نەبوونی پڕۆژەیەکی نیشتمانی بۆ خستنەگەڕی تواناکانی گەنجان و توانا مرۆییەکان بەگشتی، هاتنی کرێکاری بیانی و کرانەوەی سنوورەکان. سەرەڕای هۆکاری ئابووری کە نەبوونی داهاتی پێویست دەبێتە هۆی لادانی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە گیرۆدەی کاری نایاسایی بن بۆ دابینکردنی بژێوی و دواجاریش دەکەونە تۆڕی گرووپە مەترسیدارەکانەوە، هۆکارە سیاسییەکانیش بە تەواوی گرنگن کە دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی نائومێدی و ڕەشبینی لای لاوان و کەمبوونەوەی ئینتیمای نیشتمانییان کە ئەوەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەنابردنیان بۆ کاری نایاسایی.»

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە جەختی لەوە کردەوە کە ململانێی سیاسییەکان کەشێکی زۆر نالەباری لە کوردستان دروست کردووە. گوتیشی: «ململانێی سیاسییەکان وایکردووە هەر بابەتێك بۆ لایەنەکان دەستکەوتی حزبی تێدا نەبێت، گرنگیی پێ نادەن. ئەوەتا بابەتی هۆشیاری دەربارەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان کە بابەتێکی زۆر گرینگە کەس خۆی ناکات بە خاوەنی و لە چاو بابەتە سیاسییەکان هیچ گرنگی پێ نادرێت، ئەمەش وایکردووە بابەتەکە تەشەنە بکات و مەترسییەکە ببێتە مەترسییەکی جددی لەسەر تەواوی کۆمەڵگە، تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش لەم بوارەدا دەستەوەستانن و ئەمەش نیشانەی پرسیار دەخاتە سەریان.»

دڵشاد نامیق لە کۆتایی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «لە ئێستادا لەلایەن هەندێك لە وڵاتانەوە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کوردستان دەدرێت و بە مەبەست ماددەی هۆشبەر ئاودیوی کوردستان دەکەن، ئەمەش پێویستی بە چاوکراوەیی زیاتری هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و هاوکاری هاووڵاتییان هەیە، هەتا بەسەر ئەو پیلانەدا زاڵ بین.»

رووناك شێخ سدیق سەرپەرشتیاری پەوەردەییەو هۆکارەکانی زیادبوونی حاڵەتەکانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لەم چەند خاڵەدا دەستنیشان دەکات:

١- بوونی کیشەی کۆمەڵایەتی لەناو خێزاندا کە وادەکات باوك و دایك منداڵەکانیان فەرامۆش بکەن و ئاگایان لەوە نەبێت کە منداڵەکانیان هاوڕێیەتی کێ دەکەن و سەردانی چ شوێنگەلێك دەکەن. ٢- بوونی توندوتیژی لە ناو خێزاندا کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی زیاتر پەنا بۆ دەرەوەی ماڵ ببەن. ٣-کاریگەری هاوڕێی خراپ، کە زۆر جار لادانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.٤- هەندێك ماددەی هۆشبەر وەك چارەسەرێك بۆ نەخۆشی بەکاردەهێندرێ، ئەوەش وادەکات ئاسانتر دەست بکەوێت. ٥-راکردن لە کێشەکان و پەنابردن بۆ ماددەی هۆشبەر وەك چارەسەرێکی کاتی. ٦-بوونی نەخۆشی دەرونی لە هەندێ تاکی کۆمەڵگەدا کە بە ماددەی هۆشبەر ئالوودەی دەکات. ٧- پەروەردەکردنی ناتەندروستی منداڵ و بێ بەرنامەبوون لەو بوارەدا.٨- پەخشکردنی هەندێ دراما و زنجیرە فیلمی نادروست و پێچەوانەی نەریتی کۆمەڵگەکەمان کە زۆر جار لاسایی دەکرێنەوە. ٩-نەبوونی خولی رۆشنبیری و هۆشیارنەکردنی تاکی کۆمەڵگە لەسەر مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی مادده هوشبەرەکان. ١٠-نەبوونی چاودێری ئاسایشی تەندروستی لەسەر مادده پزیشکییەکان و کۆنتڕۆڵ نەکردنی سنوورەکان. ١١-زۆربوونی ژمارەی بیانییەکان لەناو وڵاتدا، کە ڕەنگە ژمارەیەکیان ئالوودەی ئەو مادده هۆشبەرانە بن.»

ئەو سەرپەرشتیارە پەوەردەییە وەك ڕێگاکانی چارەسەر و ڕێگری لە گەشەی ئەو دیاردەیە، پێشنیار دەکات: «هۆیەکانی راگەیاندن پێویستە بەردەوام لەسەر کوشندەیی مادده هۆشبەرەکان بەرنامە تایبەتیان هەبێت و لەو بوارەدا هەوڵی وشیارکردنەوەی تاك بدەن. هەروەها پێویستە ئالوودەبووان وەك نەخۆش سەیر بکرێن و ناوەندێکی تایبەتیان بۆ دابین بکرێت هەتا بە شێوەیەکی زانستی هەوڵی هێنانەوەی نەخۆشەکان بۆ ناو کۆمەڵگە بدات. هاوکات پێویستە قورسترین سزای یاسایی ئەو کەسانە بگرێتەوە کە بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن.

شاخەوان خالید مافپەروەر و شارەزایە لەبواری یاساو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەهەر کۆمەڵگەیەکدا مادده هۆشبەرەکان بە یەکێك لەمەترسیدارترین دیاردەکان دادەنرێت، لەم چەند ساڵەی دواییش هەرێمی کوردستان بێبەش نەبووە لەم دیاردەیە کە بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر لە ڕێگەی سنوورەکانەوە بە قاچاغ دەهێندرێتە کوردستان و کاریگەری خراپ و



مەترسیداریشی لەسەر لاوان و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە، چونکە ماددەی هۆشبەر روو لەهەر کۆمەڵگەیەك بکات، شیرازەی ژیان و توانا مرۆییەکان تێکدەدات، ئەوە جگە لەو هەموو زیانە کۆمەڵایەتی و دارایی و تەندروستییانەی کە هەیانە.

ئەو یاسانە نەبوونی پەروەردەیەکی دروستی منداڵان و نەبوونی سەنتەری وشیارکردنەوە بۆ دووورکەوتنەوە لەماددە هۆشبەرەکان بە کێشەیەکی سەرەکی لەقەڵەم دەدات و هێماش بۆ ئەوە دەکات کە بارودۆخی خراپی دارایی تاکەکان و بێکاری و بەتاڵ بوونیش هۆکارن کە گەنجان پەنا بۆ ئەم دیاردەیە بەرن. گوتیشی: «هەندێ کات گەنج وەکو چاولێکەری تووشی ئەو ماددە هۆشبەرانە دەبێت و میدیای بینراویش لەو بوارەدا رۆڵی خراپی بینیوە، چونکە لەفیلم و دراماکان دەبینێت چۆن بەکار دەهێندرێ و چۆن بازرگانی پێوە دەکرێ، ئەویش هەڵدەستێ لاسایی دەکاتەوەو بەکاری دەهێنێت، ئەوەشی لەبیر دەچێت کە بەهۆیەوە کەسایەتی خۆی دەرووخێنێت، یان تووشی سزا دەبێت.

شاخەوان خالید رایوایە لەهەرێمی کوردستان لە تەمەنە جیاوازەکاندا کەسانی تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر هەن، بۆیە بە پێویستی دەزانێت لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پێشگرتن لەتەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە رێکاری توند بگرنەبەر و هەلی کار بۆ لاوان برەخسێنن و سنوورەکان زیاتر بپارێزرێن. گوتیشی: «لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان هەیە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و سزادانی ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن، یان بازرگانی پێوە دەکەن، یان هەردووکاری بەیەکەوە دەکەن. یاساکەش سزای توندی تێدایە بۆ ئەوەی ببێتە کۆسپێك لەبەردەم تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە، ئێستاش کە لە داگاکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا تۆمەتباران بەو ماددانەی نێو یاساکە دووچاری سزای گرتن و پێبژاردن دەبنەوە، ئەرکی هەموو لایەکمانە وشیارییەکی فرە بۆ ئەم دیاردەیە بێنینەکایەوە تاوەکو تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان لەو ماددانە دوور و پارێزراو بێت.

یاسین جاف راهێنەری پزیشکییەو رایوایە یەکێك لە هۆکارەکانی پەنابردن بۆ ماددە هۆشبەرەکان نائۆمێدبوونی تاکە لە بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی کە و جاری وایە خۆی وەك کەسێکی تێکشکاو و داڕووخاو دەبینێت کە توانای چارەسەری کێشەکانی نییە و بۆ راکردن لە بەرپرسیاریەتی خۆی روو لە ماددە هۆشبەرەکان دەکات.

گوتیشی: «ماددە هۆشبەرەکان بریتین لە کۆمەڵێك حەب و خواردنەوەی کحولی کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر مێشك هەیە. زانستی پزیشکی ئاشکرای کردووە پەردەیەکی تەنك لەسەر مێشك هەیەو ئەم پەردەیە دوای بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو دەچێت و لەو کاتەدا تووشی ئالودەبوون دەبن. هۆکاری ئالوودەبوونیش زۆرن، لەوانە کێشەی ئابووری، سیاسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها هەرزانی و کەمنرخ بوونی ماددە هۆشبەرەکان و نەبوونی هۆشیاری تەواو لە سەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرکان و مەترسییەکانی ئەوانە هەموویان رۆڵیان لە تووشبوون بە ماددەی هۆشبەر هەیە. هەروەها کۆمەڵێك فیلمی ئەڵقەی بیانی و دوور لە کەلتور و داب و نەریتی کوردی، بوونی شوێنی زۆری کافییەکان بەبێ چاودێری ئەمانەو زۆر شتی دیکە دووروو نزیك هۆکاری ئالودەبوونی تاکن بە ماددە هۆشبەرەکان، بۆیە بەرنامەیەکی گشتگیری دەوێ بۆ ئەوەی تاك بە تاکی کۆمەڵگە بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی لە مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە ئاگادار بکرێنەوە، هەتا کۆمەڵگەیەکی ساخلەم و وەبەرهێنمان هەبێت.

بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە ئاخافتنێکیدا پێشتر ئەوەی بۆ گوڵان خستووەتەروو کە هەرێمی کوردستان سنوورێکی بەرفراوانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیەو ئێرانیش سنوورێکی گەورەو بەرینی لەگەڵ ئەفغانستان هەیە، کە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری ماددەی هۆشبەرە لە جیهان، ئەوەشی بە هۆکارێك زانی بۆ ئەوەی دوای کرانەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی دوای دامەزرانی هێڵی ئاسمانی و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی، قاچاخچیانی ماددەی هۆشبەر بە هەموو جۆرو شێوازەکان هەوڵی هاوردەوهەناردەکردنی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بدەن. ئەوەشی بە زەنگێکی پڕ مەترسیدار ناوبرد. باسی ئەوەشی کرد کە «بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی عێراقی کە ساڵی ١٩٦٥ دەرچووە لە ١٩٦٨ هەموار کراوەتەوە، لە سێ ساڵ تا هەتاهەتایی سزا دەدرێن و ئەوەشی کە بەکاری دەهێنێت، سزاکەی لە شەش مانگ تاوەکو سێ ساڵ دەبێت.»

**بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی عێراقی کە ساڵی ١٩٦٥ دەرچووەو لە ١٩٦٨ هەموار کراوەتەوە، لە سێ ساڵ تا هەتاهەتایی سزا دەدرێن و ئەوەشی کە بەکاری دەهێنێت، سزاکەی لە شەش مانگ تاوەکو سێ ساڵ دەبێت**

**بەرنامەیەکی گشتگیری دەوێ بۆ ئەوەی تاک بە تاکی کۆمەڵگە بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی لە مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە ئاگادار بکرێنەوە، هەتا کۆمەڵگەیەکی ساخلەم و وەبەرهێنمان هەبێت**

**ئێستاش کە لەداگاکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا تۆمەتباران بەو ماددانەی نێو یاساکە دووچاری سزای گرتن و پێبژاردن دەبنەوە، ئەرکی هەموو لایەکمانە وشیارییەکی فرە بۆ ئەم دیاردەیە بێنینەکایەوە تاوەکو تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان لەو ماددانە دوور و پارێزراو بێت**



# هاوسەرگیرییەک لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە

**پیاوێکی کورد لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی بیانی دەکات، گەرچی لەو هاوسەرگیرییە خۆی بە شکست خواردوو دەزانێت، بەڵام وای پێ باشە چۆنیەتی ئەو هاوسەرگیرییەو کۆمەڵێک نهێنی و ئەزموونی خۆی بۆ خوێنەران بخاتەڕوو.**

سەردەم جەودەت پیاوێکی تەمەن (٣٦)ساڵە و وەك خۆی باسیدەکات بە هۆی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ کچێکی بیانی ئاشنا بووە و دواتر هاوسەرگیرییان کردووە. چیرۆکی ئەو ژیانە هاوبەشەی بەمجۆرە بۆ گوڵان دەخاتەڕوو:

«لەکوردستان باری ئابووریم باش بوو، بەڵام باوەڕم بەدوارۆژی خۆم لەم وڵاتە نەمابوو، هەرچەندە ماڵەوە لەگەڵ ڕۆیشتم نەبوون، بەڵام من مکوڕ بووم لەسەری، لە ڕێکخراوێکی بیانیش کاری وەرگێڕانم دەکرد، لەکارەکەم زۆر سەرکەوتوو بووم، مووچەیەکی باشم هەبوو، بەڵام وەکو هەموو ئەو گەنجانەی کوردستانیش خولیای چوونە هەندەران بووم، لە زۆر لاوە هەوڵم دا، شکستم هێنا. دواتر لە ئینتەرنێت چاتم دەکرد، جارێك پێوەندیم لەگەڵ کچێك بەست، دواتر دەرکەوت هاوڕێیەکی خۆم بووە، واتە کوڕ بوو، بە درۆ خۆی کردبوو بە کچ و گاڵتەی پێکردم. زۆر دڵم پێ سەخڵەت بوو، بەڵام کۆڵم نەدا، ڕۆژێك لەسەر چاتکردن بووم، کەسێك لە ئەمریکاوە داوای کرد قسەی لەگەڵ بکەم، ئەوکات من کامێرام نەبوو، باوەڕم نەکرد، داوام لێ کرد وێنەیەکی خۆی نیشان بدات، بەڕاستی کچێکی جوان بوو، بۆیە دەستمان کرد بە گفتوگۆکردن دەرباری ژیانی یەکتر، باسی کوردستانم بۆکرد، چەند وێنەیەکی جوانی سروشتی کوردستانم بۆ نارد، زۆر پێ ئاسوودە بوو، دوای ماوەیەك بەڵێنی دا سەردانی کوردستان بکات و ئەو ناوچانەش ببینێ، منیش ڕازی بووم، ئەو دایکی عەرەب و باوکی بەڕازیلی بوو، بەڵام کۆچیان بۆ ئەمریکا کردبوو، کەمێك عەرەبی مەغریبی دەزانی، بەڵام لێ حاڵی نەدەبووم، زیاتر بە ئینگلیزی قسەمان دەکرد. زۆری پێنەچوو هەردووکمان کەوتینە داوی عەشقەوە، ناوی هەنارس بوو، ئەوکات تەمەنی (٢٠)ساڵ بوو، لەکارگەیەکی جلوبەرگ کاری دەکرد، لە خانووی تایبەتی خۆی دەژیا، من بە هەنار بانگم دەکرد، دوای ماوەیەك داوای هاوسەرگیریم لێ کرد، سەرەتا کەمێك بەلایەوە قورس بوو، دواتر بڕیاری دا هاوسەرگیری بکەین، هاتە تورکیا و بەنیازبوو دوای چەند ڕۆژێك بێتە کوردستان و منیش پێشوازی لێ بکەم، کەچی تەقینەوەیەك لەشاری هەولێر روویدا، لەهاتنەکەی پەشیمان بووەوە، زۆر ترسابوو، بۆیە ناچار بووم من بچمە تورکیا، یەکەم بینینمان زۆر سەیر بوو، باوەڕبکەن چەند چرکەیەك بەپێکەنینەوە هەر سەیری یەکترمان کرد، دوایی بەخێرهاتنی یەکترمان کرد. دوای ماوەیەك و دوای قسەی زۆرمان، ئەو ڕازی بوو بە ڕێوڕەسمی ئایینی ئیسلام مارەبڕ بکرێ. دەیگوت: لای ئێمە پابەندبوون بە ژیان گرنگە نەوەك جیاوازی ئایین، لە شاری دیاربەکر چووینە لای مامۆستایەکی ئایینی مارەبڕیمان کرد، هەر لەوێش مانگی هەنگوینیمان



گوڵان: کۆمەڵایەتی

کرد، دواتر گەڕامەوە هەولێر، ئەویش دەستی بە مامەڵەی راکێشانی من کرد، ئەوەی لام زۆر ناخۆش بوو، ئەوە بوو کە پەردەی کچێنی لەدەستدابوو، گوایە لەلای دکتۆر لای بردووە، بەڵام باوەڕم نەکرد، منیش گرنگ ئەوە بوو کوردستان بەجێ بهێڵم، بۆیە رەچاوی هیچم نەکرد، دوای شەش مانگ فیزەی ئەمریکام وەرگرت، چوومە ئەو وڵاتە، بەڕاستی وڵاتێکی زۆر خۆشە، لەوێ راستیت لێ دەبێتە خەون، بەڵام ژیان زۆر قورسە و فریای هیچ ناکەوی، رۆژانە پێویستە زیاتر لە دە کاتژمێر کاربکەی، بۆ ئەوەی بژی. خۆم لەسەر بەنزینخانەیەك کارم دەکردو هەردووکمان بە ئاسوودەیی دەژیان، بەڵام دواتر رووی راستەقینەی ژیانی هەردوولامان بەدیار کەوت، لەبەرئەوەی کەلتوورمان جیاواز بوو، نەدەگەیشتینە ئاستی یەکتر، ئەو مەی دەخواردەوە، بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە، منیش ئێواران بەماندوویی دەگەڕامەوە، دەبوایە کاروباری ناوماڵیش من بیکەم، لەئەمریکا یاسایەك هەیە دەڵێ: هەرکەس خەرجی خۆی، بەڵام ژیانی هاوسەری بەیەکەوە، ژیانیش بەڕاستی لەوێ قورسە و ناتوانی بەتەنیا ژیانی ماڵ و منداڵ دابین بکەیت، منیش ئاگاداری چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکەی ئەو نەبووم و نەمدەزانی مووچەکەی چەندە، دیگوت: ئەوە زۆر شەخسییە، ئیتر ژیان بەوجۆرە مەحاڵ بوو، رۆژێك لەسەر درەنگ هاتنەوەی بۆ ماڵەوە بووە ناخۆشیمان و یەك زللەم لێدا، ئەویش پۆلیسی ئاگادارکردەوە، یەك مانگ دەستگیرکرام، ئەوە لەو وڵاتە تاوانە، یاساش پشتی ئافرەت دەگرێ، بۆیە خۆزگەم دەخواست لە کوردستان بمردمایە، بەڵام ئەو دۆزەخەم بۆخۆم دروست نەکردبایە. کاتێك ئازاد کرام، گەڕامەوە ماڵەوە سەیردەکەم دوو هاوڕێی کوڕی لەوێ بوون، منیش لەگەڵ هەردوو کوڕەکە بەشەڕ هاتم، ئەوان هەڵاتن و هەڕەشەیان لێکردم، هەناریش هەڵات و ما ڵەوەی بەجێ هێشت، لەئەمەریکا یاسایەك هەیە، کەسێکی بیانی لە رێگای کچێکی ئەمەریکی هاتبێتە ئەو وڵاتە، ئەگەر ئازاری بدات و جیا ببێتەوە، دەبێ شەش ساڵ بگیرێ، یان سزای ماددی بە بڕی دوو دەفتەر (بیست هەزار دۆلار) دەدا، یان دەبێ ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ، منیش بڕیاری گەڕانەوەم دا، ئەو بەسەرهاتەم وەکو خەون وایە، بەردەوام ئازارم دەدات. هەنار بەردەوام نامەی ئەلیکترۆنی بۆم دەنارد و داوای لێبووردنی دەکرد و دەیگوت، تۆم ماندوو کردووە و دەمەوێ قەرەبووی بکەمەوە، بەڵام من لە دوانامەکەمدا داوام لێ کرد، واز بهێنێ، چونکە کچێکی کورد بووەتە هاوسەرم هەموو ناخۆشییەکانی ژیانمی لەبیر بردووەتەوە.»

**هاوسەری یەکەمم وەک دنیای ئینتەرنێت مەجازی بوو بۆیە دەربەدەر بووم**

**ئێستا کچێکی کورد بووەتە هاوسەرم هەموو ناخۆشییەکانی ژیانمی لەبیربردووەتەوە**